هەرکەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێکی لێبکات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناکرێت

لە یەکێک لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بڕوات بۆ لای فاڵگرەوەیەک وپرسیاری شتێکی لێبکات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ ناکرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری دەدات سەبارەت بەچوون بۆ لای فاڵگرەوەکان - ئەمیش هەموو کاهین وئەستێرەناس وهتد دەگرێتەوە ؛ لەئەوانەی بانگەشەی زاینی غەیب دەکەن بەهۆی ئەو شتانەی بەکاریدەهێنن-، وتەنها داواکردنی شتێک لێیان سەبارەت بە غەیب ؛ خوای گەورە لە پاداشتی نوێژکردنی چل ڕۆژ بێبەشی دەکات، وئەمە سزای ئەم تاوانە گەورەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5986